

# کشتوکاڵ و پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان کلیلی ستراتیژی پەرەپێدانن لە کوردستان

کابینەی پێنجی حکومەتی هەرێم وایکرد سامانی نەوت و غاز لە کوردستان بەپلەی یەکەم لەکەرتەکانی ئابووری بێت و ئومێدی بەرەوپێشچوونی لێدەکرێت، بەڵام حکومەت و تاکی کورد ویستی ئەوەی تێدایە «کوردستان ببێتە هەرێمێکی خودبژێو

کشتوکاڵ لەکوردستان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیەو گرنگییەکەی رۆژ لەدوای رۆژ لەزیادبووندایە، پێشتر ئەم کەرتە بەبڕبڕەی پشتی ئابووری هەرێمەکە و سەرجەم عێراق دادەنرا، ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتووان زیادبووەو پێداویستییەکانیشیان روو لەزیادبوونە، بەڵام کشتوکاڵ لەبازنەیەکی داخراوی لاوازی و دواکەوتوویی دەربازی نەبووە، لەم ڕوانگەیەوە چارەسەرکردنی کێشەکە پێویستی بەهەنگاوی نوێی وا هەیە، نوێخوازی لە عەقڵییەت و شێوازی کاری لێبکەوێتەوە . گارێس ستانسفیلد مامۆستای سیاسەت لە زانکۆی ئێکستەر لە ئینگلتەرە پێی وایە: (کشتوکاڵ و پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان دوو هۆکاری ستراتیژی پێشکەوتنی کوردستانن و، ستراتیژی پەرەپێدانن لە کوردستان)، ئەم ستراتیژییە بنەمای سەرەکی پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵی تایوانی بوو، چۆ کووەیی سەرۆکی پەیمانگای تەکنەلۆژی - تایوان دەڵێت: کشتوکاڵ و بەپیشەسازیکردنی دوو پرۆژەی هاوتەریب بوون لەئابووری تایوان و ئەو ستراتیژییە بوو گوندەکانی بوژانەوە، ئەمەش وایکرد تایوانییەکان نەك تەنیاخۆراك بۆ پێداویستی ناوخۆ دابین بکەن، بەڵکو بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانیان و بەرهەمە پیشەسازیەکانی کشتوکاڵ بینێرنە دەرەوەی وڵاتیش و داهات و ئابووری بێ بەهێز بکەن، تایوان لەماوەی سی ساڵدا لە ئابوورییەکی کشتوکاڵییەوە گۆڕا بۆ ئابوورییەکی پیشەسازی. ئەمە زۆر جیاواز بوو لە پێشکەوتنی ئابووری وڵاتانی تر،چونکە پێشکەوتنی ئەوان نزیکەی سەد ساڵی دەخایاند، واتا ئەوەی تایوان لەماوەی سی ساڵدا بەدەستیهێنا وڵاتانی تر سەد ساڵیان ویست تاکو گەیشتنە ئەو ئاستە. ئێمەش لەهەرێمی کوردستان بۆسەرکەوتنی پلانەستراتیژییەکەی کەرتی کشتوکاڵ کە لە کابینەی پێنجی حکومەت داڕێژرا، پێویستە

## لەبوژانەوەی کشتوکاڵ مەبەستمان چییە؟

بۆئەوەی لەکوردستانێکی (خاوەن ٦,٥ملیۆن دۆنم زەوی کەبەکەڵکی کشتوکاڵ دێت) بۆهەرێمێکی هێنراوی گەنم و ئارد بەلکێش نەکرێین و، مەڕوبزن و ئاژەڵەکانی تریش لەزوییەکی ٦ ملیۆن هیکتار لەوەرگاوە ئاودیونەکرێن و گوندەکانمان چۆڵنەکرێنەوەو، لەناوچەیەکی وەکو بناری حەسەن بەك لەسۆران ٩٠٪ی بەرهەمی جوتیاران کەم نەکات و بەرهەمی تەماتەی ئەمساڵی جوتیارانی پێنجوینیش وەکو ئێستا بازاڕی دانەبەزێت. کاتی ئەوەهاتووە هەموو سەرچاوەکان بخەینەکار لەپێناو بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنان و گەیشتن بەئاستی کێبڕکێکردنی بەرهەمی بیانی، کابینەی پێنجی حکومەتی هەرێم وایکرد سامانی نەوت و غاز لە کوردستان بەپلەی یەکەم لەکەرتەکانی ئابووری بێت و ئومێدی بەروپێشچوونی لێدەکرێت، بەڵام حکومەت و تاکی کورد ویستی ئەوەی تێدایە «کوردستان ببێتە هەرێمێکی خودبژێو زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو گەرچی سامانی نەوت و کانزاو سروشتیان هەیە»، کەچی هەژارو دواکەوتوون، وەکو ئەلبانیا کە خاوەنی نەوت و کانزاو خەڵوزە کەچی ئەفرادەکانیان داهاتێکی لاوازیان هەیە، ئەلبانەکان بە هاوشێوەی کوردەکان چاوەڕێی مووچەو ئاوڕلێدانەوەی حکومەتن، ئەزموونی تایوان لەبوژانەوەو خودبژێوی بۆ ئێمەی کورد گرنگە **«کاتێك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەت سەردانی تایوانی کرد، ئەو ئەزموونەی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە** «پێشکەوتنی کشتوکاڵ هاوکاری و پاڵپشتی حکومەتی دەوێت، بەڵام پێویستی بەعەقڵی وەبەرهێنەرو سەرمایەداریش هەیە». ئەمەش لەو ڕێگایەوە دەبێت کشتوکاڵ بکرێتە بیزنس و شێوازی بەرهەمهێنانی نوێ و کۆنترۆڵی بەرهەم و بازاڕ بکرێت، واتە ڕێکخستن و مامەڵەکردنی نێوان (بەرهەم و بازاڕ)بکرێت، بۆنموونە لەبەرئەوەی هەرێمەکە لەزۆرباتییەوە بەدرەوە بەرەو زاخۆرو شنگار لە ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوەو کەوتۆتە نێوان بازنەکانی بانی(٣٣ و ٣٧ )ی باکور کە هەرچوار وەرزی ساڵی هەیەو، ٩٥٪ ی زەوییەکانی کوردستان دێمین و بارانی وەرزیش لە هەرێمەکەدا هەیە لە١٠٠٠ملیمەتر تێپەڕ دەبێت، لەکاتێکدا لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق تەنیا ٣٠٠ ملیمەترە، دەتوانرێت زۆربەی بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان لەهەرچوار وەرزی ساڵ و بەیەکسانی بەسەرناوچەکاندا دابەشکرێت و بخرێتە بازاڕیشی ڕێکبخرێت، بەمەش خواست و خستنەڕوو لەبازاڕەکاندا هاوسەنگ دەبێت و بەرهەمی ناوخۆش کێبڕکێی بەرهەمی دەرەوە دەکات و زیاد دەبێت، لەگەڵبوونی ئەم خاڵە پۆزەتیڤانە کەچی لەبەعقووبەو سەماوە کشتوکاڵ زیاترە لە دەشتی هەولێرو ناوچەی سۆران، دەکرێت لەهەموو ناوچە شاخاوییەکان هەنگ بەخێوبکرێت لەکاتێکدا لەگەرمیان هەنگ بەخێودەکرێت، لەپردێ ئەو هەموو کشتوکاڵە دەکرێت بەڵام لەقوشتەبەو ناحییەی خەبات بەوشێوەیە نییە، بەرهەمی حەویجە لەبەرهەمی کشتوکاڵی کفری باشتر لەکاتێکدا زەوی کفری دەوڵەمەندترو باشترە، تەنیا دەریاچەی دوکان هەموو پێداویستی ماسی کوردستانی تێدا بەخێودەکرێت،کەچی بازاڕەکانی کوردستان پڕبووە لەبەرهەمی ماسی دەریاچەکانی تری عێراق، بەرووبووم و بەرهەمەکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و پەلەوەری ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق بازاڕەکانی کوردستانی پڕکردۆتەوە، لەکاتێکدا لەسەرەتای هەشتاکان ٧٠-٧٥٪ی سەرجەم بەرهەمی نیشتمانی کشتوکاڵی عێراق لەچوار پارێزگای کوردستان بوو، بەوپێیەی کوردستان هەرێمێکی کشتوکاڵییە، بگرە زۆر لە ئابووریناسە عێراقییەکان هەرێمەکەیان بە «سەبەتەی خۆراکی عێراق » دانابوو.

### بۆئەوەی کاری کشتوکاڵی بیرۆز بێت

- کاتێك لە ٩٠٪ی دەستی کار لەناحیەی بەرزنجە مووچەخۆربن و دەستبەرداری پیشەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بن و ژیانی مەمرەو مەژی بەو مووچەکەمە هەڵبژێرن، یاخود بەدوای وەهمی خۆشگوزەرانی لەشارە گەورەکان بگەڕێن، ئیتر چۆن کشتوکاڵ دەبوژێتەوە . حکومەت لە بری ئەوەی دامەزراندن زیاد بکات و ئەوەندەی تر ڕووبەڕووی هەڵئاوسانی فەرمانبەران بێتەوە، پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە لە ڕێگای کۆمپانیای وەبەرهێنانی گەورەوە کارگەی پیشەسازی خۆراکی لە ناوچەکانی دەرەوەی شار دابنێت، بۆ ئەمەش پێویستە زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ پرۆژەی نیشتەجێبوون و بازرگانی و بێ بەرهەم نەفەوتێنرێت و

**کشتوکاڵ بکرێتە بیزنس و شێوازی بەرهەمهێنانی نوێ و کۆنترۆڵی بەرهەم و بازاڕ بکرێت، واتە ڕێکخستن و مامەڵەکردنی نێوان (بەرهەم و بازاڕ) بکرێت**



**خۆمان لە هۆکاری کەوتنەوەی کێشەکەو هەڵەکان نەدزینەوەو، بوێرانە وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیش ئەوە ناگەیەنێت لەمبوارەدا کار نەکراوە، پاساوێکیش نییە بۆ بەردەوامبوون لەسەر چارەسەرنەکردنی کێشەی کشتوکاڵ، لەم ڕاپۆرتەدا دەمانەوێت خوێندنەوەیەکی وا بۆ کێشەکە بکەین هەرکەسێك خۆی بە بەرپرسیار بزانێت و بکەوینە سەر ڕێگای زانستی و ڕاستی بوژانەوەی کشتوکاڵ و، ئەمەش لە ڕێگای بە پیشەسازیکردنی کشتوکاڵەوە کە توانای کێبڕکێی بەرهەمی بیانی هەبێت.**

هانی زیاتری پرۆژەی کشتوکاڵی بدرێت و، شارەکان بەشێوەی ستوونی فراوان بێت.
ناوچەکشتوکاڵییەکان باشترین شوێنە بۆ کردنەوەی کارگە و کەمکردنەوەی تێچوونی گواستنەوەی بەرووبومە کشتوکاڵییەکان، کاتی ئەوەهاتووە نەك تەنیا کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر بەگەڕبخرێتەوە بەڵکو لەڕێگای هاندانی کەرتی تایبەتەوە دەیان کارگەی تری لەمشێوەیە لەناوچە کشتوکاڵییەکان دامەزرێت، کێشەی گەورەی بەردەم دوورکەوتنەوەی سەرمایەدارو وەبەرهێنەر لەئەنجامدانی پرۆژەی کشتوکاڵی بۆ نەبوونی ئیمتیازات و هاندانە لەیاسای وەبەرهێنانەوە، یاساکە زیاتر بواری ئاوەدانکردنەوەی لەخۆگرتووە کاری لەم سەردەمەدا بەستنەوەی مرۆڤ بە نیشتمانەوە تەنیا بە خاك و خانوو نابێت بەڵكو بەدۆزینەوەی کارو هەلی ئیشکردن تاکەکانی ناوکۆمەڵگا والێدەکات روو لە کۆچکردن نەکەن، کەسەکان خۆشیان دەبێت ئەو راستییە بزانن کە گۆڕانکاری و دەربازبوون لەم واقیعە کاری جیدی دەوێت، کوردستان خاوەنی باشترین خاك و ئاووهەوایە کەچی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی میوەجات و سەوزەو خۆراك پشت بە وڵاتانی دەوروبەرو دواکەوتوو دەبەستێت، خەڵکی فێربوون لە شارەکاندا نیشتەجێبوون و دووچاری گرانی و هەڵاوسانی نرخەکان بوون، تەنانەت بە موچەیەکی کەم دامەزراون، لە کاتێکدا کەمێك خۆیان ماندوو بکەن و سەرقاڵی پیشەی کشتوکاڵی بن زۆر سودمەند تر دەبن.

هاندان و بەبیرۆزکردنی کار لەکشتوکاڵ بەدۆزینەوەی بازاڕو گەڕانەوەی بەهاو قازانج دەبێت، ئەرکی حکومەتە قەرز بەبێ سوود بەجوتیاران بدات و ئاسانکاری بۆوەبەرهێنانی کۆمپانیاکان بکات، هەروەکو چۆن ئەرکی جوتیارو گوندنشینە رووبکاتە(باش بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵیو، لەو شێوازە تەقلیدییە دەربازی بێت و رووبکاتە بەکارهێنانی ئامێری کشتوکاڵی پێشکەوتوو، گەڕان بەدوای چۆنییەتی پێشخستنی بەرهەم و فێری کێبرکێکردنی بەرووبوومە بیانییەکان بێت) .

**کاتی ئەوەهاتووە نەک تەنیا کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر بەگەڕبخرێتەوە بەڵکو لەڕێگای هاندانی کەرتی تایبەتەوە دەیان کارگەی تری لەمشێوەیە لەناوچە کشتوکاڵییەکان دامەزرێت**

## ئاودیوکردنی مەڕوبزن و نەبوونی کێڵگەی بەخێوکردنی ئاژەڵ

نەبوونی کۆمپانیاو وەبەرهێنەری بەتوانا گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە وایانکردووە کەرتی ئاژەڵداری لە شێوازی تەقلیدی بەخێوکردن دەربازی نەبێت و بکەوێتە باڵ رەحمەتی کێشەکانی تری وەکو (کۆچکردنی گوندنشینەکان –گرانی بەخێوکردن – بردنی ئاژەڵ بۆ دەرەوە بەنایاسایی و – وشکەساڵی و لاوازی بەیتەرییە و ..)، هەرئەمەش وایکرد ژمارەی مەڕوبزن لە پارێزگای سلێمانی کەمبێتەوە لە ٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزارەوە بۆ ملیۆن و ٥٠٠ هەزارو لەگەرمیانیش ئاژەڵ بەرێژەی ٤٥٪ کەمیکرد..ئەرکی سەرشانی حکومەتە کەرتی تایبەت ئاراستەی کردنەوەی کارگەی پیشەسازی خۆراکی و شیرەمەنی و کشتوکاڵی بکات، پرۆژە کشتوکاڵییەکان بەراورد بە پرۆژەکانی تری کەرتی تایبەت کەمن و لە ئاستێکی زۆر نزمدان، ئەوەتالە٧ مانگی ئەمساڵدا واتە تاکو کۆتایی مانگی ٧ ی ٢٠٠٩ دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی داوە بە ٤٥ پرۆژە و رووبەری ٤١٧٦ دۆنم زەوی لە رووبەرە کشتوکاڵییەکانی داوە بەم پرۆژانە کەتەنیا ٢ پرۆژەی بەخێوکردنی مانگای شیردەری تێدابووە .

## کشتوکاڵ بێ کارگەو رێکخستنی بازاڕ

ستراتیژییەتی گرنگ کە ئابووری تایوانی پێ ناسراوە ئەوەیە : «پیشەسازی بەهێز بکە بەهۆی سامانەکانی کشتوکاڵەوە و کشتوکاڵیش یارمەتی بدە بۆبەهێزکردنی پیشەسازی»، ئەزموونی تایوان پیشانی دەدات کە پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵی و بە پیشەسازیبوون دوو پرۆسەی هاوتەریبن و بەدیلی یەکتر نین.

ئابووری بازاڕ هانی بەپەراوێزکردنی کەرتی کشتوکاڵ نادات ئەوەتا لە ئەمەریکای پێشڕەوی سەرمایەداری ٢٠٪ی هێزی کار لە کشتوکاڵدایەو لەئەوروپا ١٢ ٪، ئەمە لەکاتێکدا باشترین تەکنەلۆژیاو ئامێر بۆ کشتوکاڵ بەکاردەهێنرێت، هەندێك زانیاری ئەم رێژەیەی لە کوردستان بۆ ١ ٪ دادەنێت،



لەپلانی ستراتیژی وەزارەتی کشتوکاڵ هاتووە ئاستی بەرهەمهێنانی هەنگوین بگەیەنێتە ٢٠٠ هەزار تەن

نەبوونی کارگەو کارخانەکان کێشەی سەرەکی بەردەم بێبازاڕی بەرووبومی جوتیارەکان بووە، لە کاتێك دا لە ٢٠٠١-٢٠٠٢ لەسەر بودجەی ٩٨٦ ٧ کارگەی شیرەمەنی و بسکویت و مەعکەرۆنی و سرکەو کۆکردنەوەی شیرو شوشتنەوەی خوری هەبوو، ئەمە جگە لە کارگەکانی ڕۆنی گلۆبەرۆژەو زەیت و هەریر بۆ ئاوی تەماتە، بەهۆی نەبوونی عەقلییەتی بەڕێوەبردن و پێش نەخستنی بەرهەمەوە توانای کێبرکێی بەرهەمی بیانی نەبوو، هەربۆیە بۆنموونە دۆشاوی تەماتەی هەریر لەبەردەم دۆشاوی ئەسبەقی ئێرانی و تۆسانی تورکی شکستیهێنا .

ئەمەدیوێکی کێشەکەیە هۆکارەکانی تر پەیوەندی بەخودی جوتیارو ئەوکەسانەوەهەیە کە سەرقاڵی کاری کشتوکاڵین، حکومەت کەموکورتی هەیە بەڵام تۆ بڵێی ئەو گەلانەی ئەمڕۆ لە پێشەنگی وڵاتانی دەوڵەمەندو بەرهەمهێنانەوە دێن تەنیا چاوەڕوانی حکومەتەکانیان بوون، زۆرجار هەموو هۆکارەکانی نەبوونی بەرهەمی خۆماڵی بۆ وێرانبوونی گوندەکان دەگەڕێنینەوە، بەڵام نابێت خۆمان لەو ڕاستییە بدزینەوە کە لە نێوان ١٩٩١-٢٠٠٠ تەنیا لە پارێزگای هەولێر ٩٥٦ دێ نۆژەنکرایەوە، لە سلێمانی ٤٠٠ کێڵگەی بەخێوکردنی مریشك هەیە، کوا بەرهەمیان بۆچی بازاڕەکانی کوردستان نغرۆی بەرهەمی خراپی وڵاتانی دەورووبەر بووە ؟

## کێبرکێی بەرووبوومی بیانی تەحەددای گەورەی بەردەم کەرتی کشتوکاڵ

بوونی ژینگەیەکی لەبار بۆ بوژانەوەی کەرتەکە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات ((کشتوکاڵ لەهەرێمەکەدا توانای دروستکردنی داهاتی هەیە ))،، هەروەکو پرۆفیسۆر گاریس ستانسفیلد مامۆستای سیاسەت لە زانکۆی ئێکستەر لە ئینگلتەراو، دانەری کتێبی «کوردستانی عێراق پێشکەوتنی سیاسی و دەرکەوتنی دیموکراسی (٢٠٠٣)»یە باسی لێوەدەکات و پێشپینی بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی کردووە، بۆ ئەمەش چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە لەوانە:( لە ساڵی ١٩٩٦لە هەرێمی کوردستان تەنها ٢٦ پرۆژەی پەلەوەری هەبوو کە ساڵانە دوو سەد هەزار مریشکی بەرهەم دەهێنا، بەڵام ئێستا نزیکەی ٤٠٠ پرۆژەی پەلەوەری هەیە کە ٤ ملیۆن مریشك و ١٢٠ ملیۆن هێلکە بەرهەم دێنن، هەروەها لەکوردستان بە تایبەت ئەو بەشانەی کەبەئاوی ڕووبارە گەورەکان ئاو دەدرێت وەك زابی گەورەو زابی بچوك و ڕووباری سیروان و هەموو لقەکانیان بە دارستانی دار توو، گوێز، بەڕوو، سنەوبەر بەناوبانگن کە هیوای بەرهەمهێنانی تەختەداری زۆریان لێ چاوەڕێ دەکرێ.

لەگەڵ بوونی ئەم ژینگەیە کابینەی پێشووی حکومەت داڕێژەری پلانی ستراتیژییەتی کەرتی کشتوکاڵی هەرێمەکەیە، ئەم پلانە چەندین ئامانجانەی هەیە کە پێویستە لەماوەی ٥ ساڵدا جێبەجێ بکرێت لەوانە :

)بەرهەمهێنانی ٥٠٠ هەزار تەن گەنم و ٦٦٠ هەزار تەن سەوزەو ٩٨هەزارتەن گۆشتی مریشك و ٧٥ هەزار تەن ڕۆنی شلی ڕووەکی و ٢٠٠ هەزار تەن گۆشتی سوورو ٤٠٠ملیۆن لیتر شیرو٢٥٠ هەزارتەن میوەو ٥٠ هەزار تەن نۆك و ١٠هەزار تەن نیسك و ١ملیۆن و ٢٠٠ هەزار تەن هەنگوین ٦ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار تەن گۆشتی ماسی و تا تەملیککردنی زەویی جووتیاران و کۆنترۆڵکردنی پەتا کشتوکاڵییەکان و نوێکردنەوەی ٥٠٪ ئامێرە کشتوکاڵییەکان و دروستکردنی ٦٥٠ پرۆژەی ئاودێری بچووك و ١٥ پرۆژەی ئاودێری گەورەو ٥٠٠ پۆندو دامەزراندنی ٣٠ کارگەی پیشەسازی تایبەت بە بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان ..هتدا

لەمەش گرنگتر چارەسەرکردنی مەترسی جوتیارە لە زیان، کەوایکردووە نەوێرێت وەبەرهێنان و پارە لەکشتوکاڵ خەرج بکات،چونکە نرخەکان سەقامگیر نییەو لەکاتی دوورینەوەی بەرووبوومەکەی نرخەکان دەشکێت و ڕووبەرووی زیان دەبێتەوە، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە تەنیا بەدروستکردنی ئەمباری ساردکەرەوەو سایلۆی پێشکەوتووە، کە جوتیاربەپێی پێداویستی بازاڕ بەرووبوومەکەی دەرهێنێت.

ڕەنگە ڕاکێشانی گەورە کۆمپانیاکانی

**لەسەر بودجەی ٩٨٦ کوردستان خاوەنی ٧ کارگەی پیشەسازی خۆراکی بوو لەبەر نەبوونی عەقڵییەتی بەڕێوەبردن شکستیان هێنا**



نەبوونی کۆمپانیاو وەبەرهێنەری بەتوانا گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە وایانکردووە کەرتی ئاژەڵداری لە شێوازی تەقلیدی بەخێوکردن دەربازی نەبێت

# تایوان وڵاتێکی کشتوکاڵی سەرب



### پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵی و بە پیشەسازیبوون دوو پرۆسەی هاوتەریبن و بەدیلی یەکتر نین

مەرج نییە وڵاتێك سەربەخۆ بێت بۆئەوەی ببێتە خاوەنی ئابوورییەکی بازاڕی سەرکەوتوو بوژانەوەیەکی کشتوکاڵی بێ وێنە، لەم ڕوانگەیەوە تایوانمان هەڵبژارد، کەسەرەڕای دژایەتیکردن و هەڕەشەکانی چین ئەم دوورگەیە بووە موعجیزەیەکی ئابووری و بوژانەوەیەکی گەورەی کشتوکاڵی و، بووە ئەندامە لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی (WTO)، ئەم وڵاتە کەساڵانە گەشەکردنی ئابوورییەکەی ٦,٨ بوو، لە ساڵی ١٩٥٢ تا ساڵی ٢٠٠٧ سەرکەوتنێکی ئابووری گەورەی بەدەستهێنا.

تایوان لەماوەی ٣٠ ساڵدا لە ئابوورییەکی کشتوکاڵییەوە گۆڕا بۆ ئابوورییەکی پیشەسازی، ئەمە زۆر جیاواز بوو لە پێشکەوتنی ئابووری وڵاتانی تر،چونکە پێشکەوتنی ئەوان نزیکەی سەد ساڵی دەخایاند، واتا ئەوەی تایوان لەماوەی ٣٠ ساڵدا بەدەستیهێنا وڵاتانی تر سەد ساڵیان ویست تاکو گەیشتنە ئەو ئاستە، هەروەها تایوان ئەزموونێکی زۆری کشتوکاڵی کۆکردەوە کە دەکرێ وڵاتانی پێشکەوتووش سوودی لێ ببینن، ئەزموونی تایوان پیشانی دەدات کە پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵی و بە پیشەسازیبوون دوو پرۆسەی هاوتەریبن و بەدیلی یەکتر نین..

تایوان نەلەڕووی ڕووبەرەوە وڵاتێکی گەورەیەو نەلەسامانە سروشتییەکاندا دەوڵەمەندە، بەڵام هەوڵدانی زۆری خەڵك لە ژێر ڕێنماییەکانی حکومەتدا، دوورگەکەی لە بارودۆخێکی وێرانەوە بنیاتناو کردی بە یەکێك لەهەرە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، هەندێك بە «موعجیزەیەکی ئابووری» ناوی دەبەن. حکومەت سیاسەت و پلانی گونجاوی گرتەبەرو بووە خاوەنی چەند پلانێك لەوانە پلانی ( بنیاتنانەوەی لادێیەکان و بەرهەمداری کشتوکاڵو، بازاڕو، پێکهاتەی کشتوکاڵی و پلانی جێگیرکردن..).

کشتوکاڵ ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە

ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و چۆنییەتی گۆڕینی عەقڵییەت و گەیشتن بە قۆناغی پیشەسازی کشتوکاڵی لە گرنگترین ئەو تەحەدییانە بێت لەچەند ساڵی داهاتوو ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

پۆلێنی کێشەی کەرتی کشتوکاڵ:

- بەرووبوومی ڕووەکی.
- بەرووبوومی ئاژەڵی .
- ئاودێری و بەنداوەکان .

### گرنگترین چارەسەرەکانی بەردەم کێشەی کشتوکاڵ :

١-بوونی یاسایەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زار .

٢- لاوازی و گرنگی نەدان بە بەخێوگرتنی ئاژەڵ و پەلەوەر.

٣- هاریکاری و هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتە پەیوەندارەکان و زانکۆکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سەندیکاکانی جوتیاران و کەرتی تایبەت.

٤- سوود وەرگرتن لەسەرچاوەکانی ئاو بەشێوەیەکی مۆدێرن، هاوکات حکومەتیش ڕووبکاتە ئەنجامدانی بەنداووبەربەست و پرۆژەی ئاودێری .

٥- شێوازی بەخێوکردنی ئاژەڵ لەشێوازی لەوەرگاوە بگۆڕدرێت بۆ کێڵگەی ئاژەڵداری ودانانی کارگەی پیشەسازی کشتوکاڵی .

٦- دابینکردنی سایلۆی نوێ و کارگەکانی پیشەسازی خۆراکی .

٧- خستنەگەڕی بانکە کشتوکاڵییەکان .

٨- دروستکردنی سیستەمی ئاودێری پێشکەوتوو .

٩- هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی بۆ کارکردن لەکەرتی کشتوکاڵی وئاژەڵداری و پەلەوەر .

١٠- گرنگیدان لە کردنەوەی خولەکانی مەشق و ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری .

١١- دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی لادێ بۆ کەمکردنەوەی کۆچ.

١٢- پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت .

١٣- پەیڕەوکردنی یاسای پاراستنی بەرووبوومی خۆماڵی .

١٤- ئەنجامدانی وەبەرهێنان لەبواری بەخێوکردنی ماسی بەتایبەتی لەهەردوو دەریاچەی دوکان و دەربەندیخان.

**گۆڕینی عەقڵییەت و گەیشتن بە قۆناغی پیشەسازی کشتوکاڵی لە گرنگترین ئەو تەحەدییانە بێت لەچەند ساڵی داهاتوو ڕووبەڕوومان دەبێتەوە**

# ـەخۆ نییەوخاوەنی موعجیزەی ئابووری جیهانیشە



ستراتیژییەتی گرنگ کە ئابووری تایوانی پێ ناسراوە ئەوەیە: «پیشەسازی بەهێز بکە بەهۆی سامانی کشتوکاڵ و ، کشتوکاڵیش یارمەتی بدە بۆبەهێزکردنی پیشەسازی

پێشکەوتن، بەرهەمی خۆراك نەك هەر تەنها بەشی ناوخۆی دەکرد، بەڵکو بۆ وڵاتانی دەرەوەش ڕەوانە دەکرا، ئەو قازانجەش کە لەم هەناردەیە دەکرا لە بواری پێشخستنی پیشەسازیدا خەرج دەکرا.

## کشتوکاڵ و پیشەسازی لە خزمەتی یەکتردا

پلانە کاریگەرەکان لە لایەن حکومەتەوە هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ سەرکەوتنی کشتوکاڵ و بوژانەوەی ناوچە لادێییەکان لە تایوان، ستراتیژییەتی گرنگ کە ئابووری تایوانی پێ ناسراوە ئەوەیە : «پیشەسازی بەهێز بکە بەهۆی سامانەکانی کشتوکاڵەوە و کشتوکاڵیش یارمەتی بدە بۆبەهێزکردنی پیشەسازی». کشتوکاڵ بەگەشەی خێرادا تێپەڕی، بەهۆی بەهێزکردنی دەزگایەکانی چاککردنەوە، هەمەچەشنکردنی بەرهەمەکان، زیادکردنی چڕی بەرهەمەکان، ستراتیژییەتی وەبەرهێنان لەژێرخاندا، هەروەها پێشکەوتنی لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵی، ئەم پێشکەوتنەی کشتوکاڵ تەنها خۆراکی دابین نەکرد، بەڵکو سەرمایەیەکی باشیشی بۆ پڕۆژەکانی تری جیا لە کەرتی کشتوکاڵ هێنا.

لەم گۆڕانە خێرایەی ئابووریدا نرخی بەرهەمە پیشەسازییەکان بەرزتر بۆوە وەك لە نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، دەستکەوتی ئەو خێزانانەی کە لە شار لە کەرتی پیشەسازیدا کاریان دەکرد زیاتر بوو لە دەستکەوتی ئەو خێزانانەی کە لە گوندەکاندا بە کشتوکاڵەوە خەریك بوون. لەژێر ئەم بارودۆخەدا حکومەت پلانی خۆی گۆڕی لە «پێشخستنی کشتوکاڵ بۆ بەهێزکردنی پیشەسازی» بۆ ئەم مەبەستەش زنجیرەیەك بەرنامەی پێشخستنی کێڵگەکان جێبەجێکران بۆ بوژاندنەوەی کشتوکاڵ.

## کێبڕکێی بەرهەمی بیانی

لەساڵی ٢٠٠١ ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان هەبوو بەسەر کشتوکاڵی تایوانەوە زیاتر ئاڵۆز بوون، بەگشتی گەورەترین تەحەددا بۆ تایوان کێبڕکێی بازاڕ بوو بۆ بەرهەمەکانی کە لەسایەی بازرگانی ئازادەوە سەری هەڵدابوو. پلانێك داڕێژرا بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵی شان بەشانی پێشکەوتنی جیهانی بڕوات، بۆ ئەم مەبەستەش ڕووبەڕووی تەحەددا ناوخۆیی و دەرەکییەکان بووەوە،ئەزموونی تایوان پیشانی دەدات کە پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵی و بە پیشەسازی بوون دوو پڕۆسەی هاوتەریبن و بەدیلی یەکتر نین.

گەورەترین تەحەددا بۆ تایوان کێبڕکێی بازاڕ بوو بۆ بەرهەمەکانی

**نیشانەو هۆکارو بزوێنەرەکانی خێرای گەشەی کشتوکاڵ لەتایوان ئەمانە بوون:**

١) زنجیرەیی و یەکگرتوویی هەموو هەنگاوێکی ئابووری کە بەشداری لەپێشکەوتنی ئابووری تایواندا کرد.

٢) جگە لە کەرتی کشتوکاڵی حکومەت گرنگی بە کەرتەکانی تریش دا، بەتایبەت کەرتی پیشەسازی.

٣) پێشکەوتنی کشتوکاڵی تایوان دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی هەریەك لە جووتیاران، حکومەت، ڕێکخراوەکان پێکەوەو شان بەشانی یەکتری.

٤) کشتوکاڵی تایوان سوودێکی زۆری لە تەکنەلۆژیای نوێ بینی.